حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی داد

# ڕێکارەکانی
# تۆمارکردنی ئامێر

**ئەم نامیلکەیە چاپکراوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی**

**بەڕێز (فرست احمد عبدالله) وەزیری دادی هەرێمی کوردستان**


**ئامادەکردنی**

| | |
|---|---|
| **سکینە محمد غریب** | **ستار علی اسماعیل** |
| **سەرپەرشتیاری دادی** | **سەرپەرشتیاری دادی** |



**دیـزاین**

**مافپەروەر / سـمـیر عـمـر عـلـی**

**بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)**

**چاپی یەکەم**

**٢٠٢٤**

# ڕێکارەکان
# تۆمارکردنی ئامێرەکان و پڕۆژەکانی پیشەسازی
# (تسجيل المكائن و المشاريع الصناعية)

خوێندنەوەی حوکمەکانی یاسای تۆمارکردنی ئامێرەکان ژمارە (٣١) ساڵی ١٩٣٩ هەڵوەشاوە و نیزامی ژمارە (٦٥) ساڵی ١٩٥٢ کە بەپێی ئەو دەرچووە و بەراورد بە حوکمەکانی بەشی پێنجەم لە یاسای دادنووسانی ژمارە(٣٣) ساڵی ١٩٩٨ بەرکار و هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٢، دەبینین یاسادانەر حوکمەکانی یاسای کۆنی گواستۆتەوە ناو یاسای دادنووسانی بەرکار ئەمیش بەهەندێك پێش و پاش کردن وە گۆڕانکاری کردن لە داڕشتنی هەندێک لە ماددەکان وە لەگەڵ زیادکردنی دوو بنەمای سەرەکی نوێ بۆ ناو یاسایەکە وەك :-

١- هەڵسوکەوتە یاساییەکان گرێ نادرێت لەسەر ئامێر تەنها بە تۆمارکردنی نەبێت لە لایەن دادنووس.
٢- ڕێکارەکانی پێشکەش کردنی داواکاری تۆمارکردن و تۆمارکردن لەتۆماری ئامێرەکان بە پێی میکانیزمی تۆمارکردنی موڵکایەتی خانووبەرە لە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە دەکرێت.

وەکو دیارە یاسادانەر ئەم حوکمەی لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە وەرگرتووە، وە شێوازی تۆمارکردنی (**عینی**) بۆ تۆمارکردنی ئامێرەکان زیادکردووە. ((ماددەی (٣) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە(٤٣)ساڵی١٩٧١هەموارکراو ماددەی (٢) لەم یاسایە بریاری داوە بە بنەمای تایبەتمەندی)).

**یاسادانەری عێراقی لە دووبابەت کاری چاکی کردووە:-**

**یەکەم**: یەکخستنی حوکمەکانی تۆمارکردنی ئامێرەکان و ئەو حوکمانەی پەیوەستن بە ئەرکی دادنووس لە ناو یەك یاسادا لە جیاتی ئەوەی هەریەکەیان بە تەنیا بێت بەمەش وایکردووە جێبەجیکردنی ئەو حوکمانە ئاسان بێت لەسەر جێبەجێکار و خوێنەر و خاوەن بەرژەوەندی لە بەدواداچوونی ئەم حوکمانە.

**دووەم:** بە بنەمای تۆمارکردنی (عینی) وەرگرتووە و (**أخذه بمبدأ التسجيل العينى**) واتە هەڵسوکەوتە یاساییەکان لەسەر ئامێرەکان گرێ نادرێ تەنها بە تۆمارکردنی نەبێت لە تۆماری دادنووس (**سجل الكاتب العدل**) ئەمەش لەبەر گرنگی و زۆربوونی مامەڵەکان لە کاتی ئێستادا و ڕەنگ دانەوەی لەسەر جولەی پیشەسازی و بەرهەمهێنان لە کەشێکدا کە ئارامی پێویستە بۆ مامەڵەکردن لە ڕێی دوورخستنەوەی تارمایی کێشە ناکۆکیەکان سەبارەت بە ئامێرەکان.

**یاسادانەری عیراقی** لە ماددەکانی (٣٠-٤٠) لە بەشی پێنجەم لە یاسای دادنووسی ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٩٨ باسی حوکمەکانی تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە و تیایدا حوکمەکانی سەرەتایی روونکردۆتەوە کە پەیوەستن بە تایبەتمەندی (**شوێنی**) و (**بابەتی**) (**الاختصاص المكانى و الاختصاص الموضوعى**) وە هەروەها پێناسەی چوارچێوەی جێبەجێ کردنی ئەحکامەکانی کردووە دەربارەی بابەتی تۆمارکردن وە هەروەها ڕێکارەکانی تۆمارکردنی ڕوونکردۆتەوە.

بۆیە باس کردنی ئەم بابەتە دەکەین بە دوو خواست (**المطلبين**):-

**خواســتی یەکەم**: گرینگـــی تۆمـــارکردن وجۆرەکـــانی ئـــامێر و تایبەتمەندیەکانی .

**خواستی دووەم**: ڕێکارەکانی تۆمارکردن .

**خواستی یەکەم : چیەتی ئامێرەکان و تایبەتمەندی فەرمانگە.**

**المطلب الاول / (ماهية المكائن واختصاص الدائرة)**

**١- ماهية المكائن/ ئامێرەکان چین:-**

مەبەست لە ماکینە هەر ئامێرێك بە شێوەیەکی میکانیکی کار بکات نەك بە دەستی، بەکار بێت بۆ مەبەستی پیشەسازی یان کشتوکاڵی یان بەرهەمهێنان .

(( **تێبینی/** ماددەی(١) لە ڕێنمایی تۆمارکردنی ئامێرەکان ژمارە (٧) ساڵی ١٩٩٩ دەتوانین ئامێر و ئامرازەکان کە یاسا حوکمی پێ دەکات)) بەم شێوەی خوارەوە دیاری (حصر) بکەین :-

أ- بەرهەم هێنەرەکانی ووزەی کارەبایی (مولدات الطاقة الكهربائية)

ب- بەرهەم هێنەرەکـــانی ووزەی میکـــانیکی (مولـــدات الطاقـــة الميكانيكية) .

ج- ئەو ئـامێرانەی بـۆ گواسـتنەوە و گـۆڕینی ووزەی میکـانیکی و کارەبایی بەکاردێن و دابین دەکرێن بۆ کارپێ کردنـی ئامێرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و هەموو جـۆرە مەبەسـتێکی تـر ئەمەش (بزوێنەر و بگۆڕ و ئامێری کارەبایی) دەگرێتەوە تەنها ئەوانە نەبێ کە بە دەقێکی تایبەت بەدەرکراون.

د- ئەو ئامێرانەی بەهۆی ووزەی میکانیکی یان کارەبایی کاردەکەن وەکو ئەو ئامێرانەی بەکاردێن لە پیشەسازی و کشتوکاڵی و مەبەستی تر. ئەمەش ئامێری (کێلان و چاندن و دروونەوە و ڕستن و چنین) دەگرێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەو ئامێرانەی لە کارگەکانی میکانیکی بەکاردێن وەک(نەخشە دارێژو و کونکەر و مشار) تەنها ئەوانە نەبێ کە بە دەقێکی تایبەت بەدەرکراون.

* نابێت ئامێرەکانی سەرەوە تۆمار بکرێن ئەگەر بۆ مەبەستی فرۆشتن هەڵگیرا بێت لە کۆگایەکانی پیشەسازی یان کارگەکان کە کاریان بەرهەمهێنانی ئامێرە بۆ مەبەستی فرۆشتن و بازرگانی.ئەم بەدەرکردنە (الأستثناء) لە مادده (٣٢) لە یاسای دادنووسانی بەرکار ئاماژەی پێکراوە.

**٢-تایبەتمەندی-الأختصاص.**

لە بڕگەی (١) لە ماددەی (٣٠) لە یاسای دادنووسانی بەرکار بریار دراوە (تۆمارکردنی ئامێر تەنها لە لایەن فەرمانگەی دادنووسی ئەو شوێنەی ئامێرەکانی تێدایە ئەنجام دەدرێ) .

لە بڕگەی (٢) لە هەمان ماددەی سەرەوە هاتووە کە (**هەڵسوکەوتە یاساییەکان گرێ نادرێت لەسەر ئامێر تەنها بە تۆمارکردنی نەبێت لەلای دادنووسی تایبەتمەند**).

لەم ماددەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ تەنها (فەرمانگەکانی دادنووس) تایبەتمەندن بە تۆمارکردنی رەفتاری یاسایی لەسەر ئامێر. ئەمەش(**تایبەتمەندیەکی بابەتیە**) (**اختصاص موضوعی**) واتە هیچ لایەنێکی تر بۆی نیە ڕێکارەکانی تۆمارکردنی ئامێر ئەنجام

بدات جگە لە دادنووس. لێرەدا **یاسادانەر** ئەم حوکمەی وەرگرتووە لە **بنەمای تایبەتمەندی (مبدأ التخصص)** کە لە ماددەی (٢) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە(٤٣) ساڵی ١٩٧١ ی هەمووارکراو داهاتووە ئەم حوکمەش شتێکی نوێ نیە بەڵکو یاسادانەر لە دەقی ماددەی(٢) لە یاسای تۆمارکردنی ئامێرەکانی هەڵوەشاوە گواستۆتەوە بۆ ناو یاسای دادنووسی نوێ.

جگە لە **تایبەتمەندی بابەتی (الأختصاص الموضوعی)**، **تایبەتمەندی شوێنی (الأختصاص المکانی)** زیاد کردووە بە جۆرێک (ئامێر تۆمار دەکرێت لەلایەن دادنووس لەو شوێنەی ئامێرەکانی تێدایە)، بۆ(نموونە) ئەگەر شوێنی (**کارگەکە** یان **پرۆژەکە** یان **ئامێرەکە**) لە(**شەقڵاوە**) بێت لێرەدا تەنیا فەرمانگەی دادنووسی شەقڵاوە تایبەتمەند دەبێت بە تۆمارکردن و نابێت لە هیچ فەرمانگەیەکی دادنووسی لە شوێنەکانی تر تۆمار بکرێ.

بەهۆی دووپات کردنەوەی **یاسادانەر** لەسەر بنەمای تایبەتمەند (**مبدأ الأختصاص**) بڕیاری بنەمایەکی نوێی داوە ئەمیش (**بە پووچەڵ دانانی**) هەموو هەڵس و کەوتێکی یاسایی لەسەر ئامێرەکان ئەگەر لەلایەن فەرمانگەی دادنووس تۆمارنەکرێ ئەمەش بە دەقی بڕگەی(٢) لە ماددەی(٣٠) یاسای دادنووس کە بڕیاری داوە (**تۆمارکردن**) بکرێت بە روکنێك لە هەموو گرێ بەستێکی تایبەت بە ئامێرەکان بە پێچەوانە بە ئەنجام نەدانی هیچ کاریگەریەکی یاسایی لە نێوان لایەنەکانی گرێبەست و خەڵکی تر لێناکەوێتەوە.

تایبەتمەندی دادنووس تەنیا درێژ نەبۆتەوە بۆ بابەتی تۆمارکردنی هەڵسوکەوتە یاساییەکان لەسەر ئامێر کە پەیوەندی هەبێ بە تۆمارکردنی ئامێر بۆ (جاری یەکەم) یاخود پەیوەندی هەبێ بە گواستنەوەی خاوەنداریەتی ئامێر یان کارگە یان پڕۆژەکە. بەڵکو تۆمارکردنی (مافی نایابی تایبەت) (حقوق الامتیاز الخاصة) دەگرێتەوە کە دەکەوێتە سەر ئامێر.

تۆمارکردنی (مافی نایابی تایبەت) (حقوق الامتیاز الخاصة) پاڵپشت بە ڕێك کەوتنی نێوان خاوەنی ئامێر (**قەرزدار-المدین**) و (**خاوەنی مافی نایابی تایبەت –الدائن**) ( صاحب حق الامتیاز الخاص) ئەنجام دەدرێ.

یان پاڵپشت بۆ حوکمێکی دادوەری بنبڕ کە بڕیاری داوە بە سەپاندنی مافێکی نایابی تایبەت لەسەر ئامێر بۆ بەرژەوەندی کەسێکی دیاریکراو .

یان پاڵپشت بە بڕیارێکی یاسایی کە هێزی حوکمێکی بنبڕی هەبێ(**له قوة الحکم البات**) بڕیار دەدات بەرێکخستنی مافێکی نایابی تایبەت.

پلەی نایاب (**مرتبة الأمتیاز**) بەپێی مێژووی تۆمارکردن هەژمار دەکرێ، ئەمەش ئەگەر زیاتر لە مافێك هەبێت سوودی دەبێ لە کاتی پێشبڕکێی چەند مافێکی نایاب. هەروەها پێویستە ڕەچاوی حوکمەکان و یاساییەکان بکرێ کە پەیوەندیان بە دیاری کردنی ئەو جۆرە پلە و دەرەجانە هەیە وەکو حوکمەکانی نایاب کە لە یاسای مەدەنیدا هاتووە. یان نایابی قەرزی دەوڵەت کە پێش دەخرێ بەسەر هەموو قەرزێکی ئاسایی.

## سێیەم: هێزی یاسایی بڕوانامەی خاوەنداریەتی
## (القوة القانونية لشهادة الملكية)

مـــادده (٣٤) لەیاســـای دادنووســـان بڕیـــاری داوه کە بڕوانـــامەی خاوەنداریەتی ئامێر بەڵگەیەکە لە ڕووی یاساییەوە وهێـزی یاسـایی ڕەهـای پێـدراوە –بەشـێوەیەك بڕوانـامەی خاوەنـداریەتی ئامێرەکـان بەبەڵگە دادەنرێ لەسەرهەمووخەڵکێك تا ئەوکاتەی تانەی (طعن) لـێ نەدرێ بە ساختەیی(تزوير). لێکەوتەی ئەم حـوکمە ئەوەیە کەنابێـت تانە (طعن) بدرێ لەو زانیارانەی لەناو بڕوانامەکە نووسـراوە تەنیـا لە حالەتی بوونی ساختەیی(تزوير) لەوبەڵگانەی پشتیان پـێ بەسـتراوە لە دەرچوانـــدنی بڕوانـــامەی خاوەنـــداریەتی. نابێـــت تـــانە بـــدرێ بەرواڵەتی(صورية) ئەو زانیاریانە.

(بـــۆ ئەوەی هەرچـــی نووســـراوە لەنـــاو بڕوانـــامەی خاوەنـــداریەتی ئامێرەکـــان بەبەلـــگە دابنـــرێ لەســـەرهەموو خەڵـــك پێویســـتە ئەم بڕوانـــامەیە دەرچووبێـــت پاڵپشـــت (بە تۆمـــاری ئـــامێر) کەلەڕووی یاسـاییەوە بە بنـاغە دادەنـرێ بۆسـەلماندنی خاوەنـداریەتی ئـامێر و هەموو مافێکی تر کە کەوتۆتە سەری).

پێویســـتە تۆمـــارکردن شـــێوەی کۆتـــایی وەرگرتبـــێ ئەمـــیش بە پەسندکردنی لەلایەن دادنووسەوە بەپێی شێوە یاساییەکەی.

پێویســـتە بڕوانـــامە هاوشـــێوەی تۆمـــار (ســـجل) بێـــت ئەمـــیش بە پشتگیری کردنی دادنـووس و فەرمـانبەری تۆمـار، هەرەوهـا خـاوێنی تۆمـار و ئەو بەڵگـانەی پشـتیان پـێ بەسـتراوە لەکـاتی تۆمـار کردنـدا لەکەم و کورتی سـاختەیی (شـائبة التزويـر). لە کۆتـایی دا پێویسـتە **(تۆماری ئامێرەکان)** بەردەست بێت .

(کەواتە لەحـــاڵەتی ون بـــوونی (**تۆمـــاری ئامێرەکـــان**) بڕوانـــامەی خاوەنداریەتی هێزی سەلماندی نابێ) تەنیا مەگەر ناوەرۆکی بروانامە پشـــتگیری کـــرا لە وردبینـــی تۆمـــاری داهـــات یـــان بە مـــامەلەیەکی پشـــتگیری نـــوێ بە ئەمـــاددەبوونی لایەنەکـــانی پەیوەنـــداری یاســـایی تۆمارکراو (أطراف العلاقة القانونية المسجلة).

یاسـا دانەر (المشـرع) ئەم حـوکمەی لە دەقـی مـاددەی (٦) لە یاسـای تۆمارکردنی ئامێرەکانی هەڵوەشاوە وەرگرتووە کە پێشتر باسکراوە و ئاماژەی پێکراوە ژمارە(٣١) ساڵی ١٩٣٩.

**خواستی دووەم : رێکارەکانی تۆمارکردنی ئامێر**

**(اجراءت تسجيل الماكنة)**

یاسای دادنووسان حوکمەکانی تایبەت بەرێکارەکـانی تۆمـار کـردن لە ماددەکـانی(٣٥-٤٠) بـاس کـردووە، (**سـەرەتا**) بە پێشـکەش کردنـی داواکـــاری تۆمـــارکردن(طلـــب التســـجيل) و کۆتـــاییە کەشـــی بە دەرچوواندنی بروانامەی خاوەنداریەتی دێت بەم شێوەی خوارەوە :-

**یەکەم : رێکارە سەرەتاییەکان (الاجراءات الاولية).**

أ- ئەو بەڵگەنـــامەی خـــوارەوە بەبنچیـــنە دادەنـــرێن بۆتۆمـــارکردنی ئامێرەکان یان مافەکان و ئەو مافە نایابانەی کەوتۆتەسەری .

١-گرێ بەستەکان وبەلێنـداریەکان (المقـاولات) یـان ئەو قەوالانەی کە دەســـەلمێنێ ئامێرەکـــان لە کۆمپانیـــایەکی ناســـراوە کـــردراون کە تـــایبەتن بە بەرهەم هێنـــانی ئەم جـــۆرە ئـــامێرانە بەمەرجێـــك کۆمپانیـــاکە مـــۆلەتی دامەزرانـــدنی هەبێـــت لەگەڵ مـــۆلەتی بەرهەمهێنـــان بە شـــێوەیەکی فەرمـــی . (بۆنمـــونە بەرێـــوەبەرایەتی گەشەپێدان).

٢-مـۆڵەتی دامەزرانـدنی پـرۆژەکە (اجـازة تأسـيس المشـروع)یـان مۆڵەتی کرینی ئـامێر لە لایەنێکی فەرمـی یـان لایەنێکـی ڕێپێـدراو بەدەرچواندنی ئەم جۆرە مۆڵەتانە .

٣- ئەو قەوالانەی (السـندات)کە بەدەسـت هێنـانی هەر مافێـك یـان مافێکی نایاب بەسەر ئامێرەکە دەسەلمێنێ ئەگەر هاتوو ڕاستاندنی بۆ کـرا بـوولەلایەن دادنـووس یـان ڕاسـتاندنی بـۆ کرابـوو لە لایەن لایەنێکی تایبەتەوە (مرجع مختص) یان ئەگەر دان پێـدانان هەبـوو بە ناوەرۆکی قەوالەکە لەلایەن ئەو کەسەی واژووی لەسەر کردووە

٤- گـــرێ بەســـت وبە لێنـــداریەکان (المقـــاولات) و ئەو قەوالانەی گواستنەوەی ماف یان مافێکی نایاب لەکەسێکەوە بۆ کەسـێکی تـر لەسەر ئـامێر دەچەسـپێنێ ئەمـیش بەهـۆی یەکێـك لە ڕێگایەکـانی گواسـتنەوەی خاوەنـداریەتی وەکـو (کـرین – میـرات لێگـرتن – بەخشـین – وەسـیەت – گواسـتنەوەی قەرز(حوالـة الـدين) یـان هەرحـالەتێکی تـر . -ڕێنمـایی تۆمـارکردنی ئامێرەکـان ژمـارە (٧) ساڵی ١٩٩٩ مادده (٢).

ب- پێوستە پێشکەش کردنی داواکاری تۆمارکردنی ئامێرەکان بەپێی ئەو فـۆرمە بێـت کە ڕێکخـراوە لەلایەن فەرمـانگەی دادنـووس (فـۆرمی تۆمـارکردنی ئـامێری نمـونە ژمـارە (١) مـاددەی (٣٥) لەیاسایی دادنووسان، چـونکە فەرمـانگەی دادنـووس لە خـۆیەوە هەڵناسـتێت بە تۆمـارکردنی ئـامێر بەڵکـو دەبـێ داواکـاریەکی تایبەت بە تۆمارکردن پێشکەش بکرێت، و داوایەکە ئەبـێ لەلایەن

خـاوەنی ئـامێر پێشـکەش بکـرێ یـان بریکـارەکەی بەشـێوەیەکی یاســـایی یـــان نـــوێنەری یاســـایی یـــان دادوەری. بەڵام ئەگەر تۆمـارکردن پاڵپشــت بە بریـارێکی دادوەری یـان یاسـایی بــوو فەرمانگەی دادنـووس خـۆی فـۆرمەکە رێـك دەخـات یـان بەهـۆی ئەوکەسـەی کە حــوکمی بـۆدراوە بە مافێــك بەپێــی بریـارێکی یاسایی یـان دادوەری ، پێوسـتە لەگەڵ پێشـکەش کردنـی فـۆرمی داواکاری تۆمارکردن بەلگە نامەکـان و قەواڵەکـان هـاوپێچ بکـرێن کە خاوەنـداریەتی ئامێرەکـان دەسـەلمێنێ، فـۆرمی تۆمـارکردن لەدوو لاپەرەپێــك هــاتووە دەبێــت پــر بکــرێتەوە بە زانیــاری و داتایەکان بەشێوەیەك

**لاپەرەی یەکەم :**

شوێن ئەو جێگـایە دەنووسـرێ کە ئـامێرەکەی لـێ جێگرکـراوە وەکـو (پارێزگـــا – قەزا – نـــاحیە - گەرەك) وەنـــاوی (کـــارگە) یـــان (کۆمپانیایەکە) لەگەڵ هەمـوو مـاف و مـافی تـایبەتی (نایـاب) و ئەو بەڵگەنامانەی لە بنەرەتدا پشتیان پێ بەستراوە ، ئەمەش بەم شێوەی خوارەوە رێك دەخرێت:-

١- خــانەیەك نرخــی تۆمــارکردن و کرێــی نــۆرین (أجــور کشــف) و خەملاندن تێدا تۆماردەکرێ.

٢- خانەیەك تایبەتە بە وەرگرتنی پارەی میرانە (استیفاء الرسم).

٣- خـانەیەك تـایبەتە بە تۆمـارکردنی مـامەلەکە وئەنجامـدانی کـاری مامەلەی گواستنەوە لە تۆمار کۆن.

**لاپەرەی دووەم :**

جۆرو (نوع) ئاكارەكانی ئامێر و نرخەكەی دەنوسرێ لەگەڵ هەموو ئەوهەلس وكەوتە یاساییانەی لەسەر ئامێرەكە ئەنجام دراوە بەم شێوەی خوارەوە:-

١-خانەیەك تایبەتە بۆ دەستەی گشتی باجەكان وهەموو لایەنە پەیوەندارەكانی تر .

٢-خانەیەك تایبەتە بۆ ئەو رەفتارانەی لەسەر ئامێر ئەنجام دروان لەگەل دان پێدانانی لایەنە پەیوەندیدارەكان لە بەردەم دادنووسدا .

٣-خانەیەك تایبەتە بۆ پەسند كردنی دادنووس ئەمەش لە دوای تەواو بوونی مامەلەكە.

ج- پێوستە لەسەر دادنووس ووردبینی ئەو زانیاریانە بكات كە لە ناو فۆرمی تۆماركردندا نوسراوە وەبەراوردیان بكات لەگەڵ بەلگەنامەكان و قەواڵەكانی هاوپێچ كراو لەگەڵ مامەڵەكە.

د- رەوانەكردنی داواكاری تۆماركردن (طلب التسجيل) بۆ لایەنەكانی پەنوەندایدار بەمەبەستی بەدەست هێنانی رەزامەندیان بەشیوەی نووسین یان بەشێوەی نووسراو یان مۆركردن بێت لەسەرفۆرمەكە وەكو (رەزامەندی دەستەی گشتی باج) پاڵپشت بەحوكمی مادده (٢٨) لە یاسای باج وە هەرەوها وەرگرتنی رەزامەندی (بەرێوەبەرایەتی گەشە پێدان) (مديرية التنمية) پاڵپشت بەمادده (١٦) لەیاسای گەشەپێدانی پیشەسازی (قانون التنمية الصناعية).

**دووەم: ڕێکارەکانی تۆمارکردن (اجراءات التسجيل)**

أ- دوای ئەوەی مـامەڵەکە لەلایەن دەسـتەی گشـتی بـاج پەسـندکرا و پشـتگری کـرا لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی گەشـەپێدانی پێشەسـازی ئەوکـات دادنـووس پشـکنین و ووردبینـی کردنـی ڕەزامەنـدیەکان دەکـات پاشـان پشـکنینی ئـامێر لەو شـوێنەی ئامێرەکـانی تێـدا جێگیـــرا کـــراوە بەیـــاوەری یەکێـــك لەفەرمانبەرەکـــان لەگەڵ شارەزایەکی تایبەتمەند (خبير مختص) دەکات ئەگەر بە پێویست زانرا بۆ نووسینی تەواوی ئاکارەکـان ئـامێر وەکـو (نـاوی ئـامێر – جـۆری – شـۆینی دروسـت کردنـی- سـاڵی دروسـت کردنـی-هەر ئاکارێکی تـر) هەروەهـا تۆمـارکردنی ئەو مافـانەی کەوتـۆتە سـەر ئامێر ئەگەر هەبێ . هەروەها پێوستە دادنووس دڵنیا بێـت کە ئەو ئامێرە کەوتۆتە ناو سـنوری تایبەتمەنـدی فەرمـانگەکەی، پێوسـتە خەملاندن بـۆ نرخـی ئـامێر بکرێـت لەحالەتێکـدا ئەگەر نـرخەکەی دیار نەبوو . بەلام لە بنەرەتدا پێویسـتە پشـت ببەسـترێ بەنرخـی کرینـی ئـامێر کەلەسـەر گـرێ بەسـت یـان قەواله نووسـراوە بـۆ مەبەسـتی وەرگرتنـی پـارەی میـرانە (اسـيفاء الرسـم). ئەگەر لە حالەتێکدا نرخی ئامێر نەنەسرابوو یان گوومان هەبوو لە راست و دروستی نرخەکەی ئەو کات دادنـووس هەڵدەستێ بە دیـارکردنی (شارەزایەك ) یان زیـاتر بـۆ مەبەسـتی خەملانـدنی نـرخەکەی وە لەسەر ئەم نرخەش پـارەی میـرانە وەردەگیرێـت (اسـيفاء الرسـم) (مادده (٣٧) یاسای دادنووسان).

ب- بڵاوکـردنەوەی پـوختەی داواکـاری تۆمـارکردن لە یەك ڕۆژنـامەی ناوخۆ بەپێی نمونە ژمارە (٤) کە ئامادە کراوە لەلایەن فەرمانگەی دادنووس. وەکوئەم شێوازەی خوارەوە :-

(لەسەر ئەو داوایەی پێشکەشی ئەم فەرمانگەیە کراوە لەلایەن (      ) لەرێکەوتـی      /     / ٢٠ کە نـاوەرۆکەی داوای تۆمـارکردنی (ئـامێر – کـارگە – دەزگـا....)دەکـات کە خاوەنـداریەتی بۆخـۆی دەگەڕێـتەوە و جێگیرکراوە لە(شوێنی ئامێر).کە ئاکارەکانیان لە خوارەوە نووسراوە، هەرکەسـێك خـۆی بە خاوەنـدار یـان پەیوەنـدار دەزانـێ لەسـەر ئەو ئامێرانەی ئاکارەکانیان نووسراوە پێویستە ڕێکاری یاسای بگرێتە بەر بۆ سەلماندنی خاوەنداریەتیەکەی بە پێشـکەش کردنـی بروانـامەیەك بـۆ ئەم فەرمـانگەیە لە پێنـاو وەسـتاندنی تۆمـارکردن لە مـاوەی (١٥) پــازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی دوای ئەم بــڵاو کــردنەوەیە وە تۆمــارکردن بە دواخراو دادەنرێت تا ئەو کاتەی داویەکە تانەلێـدان یەکـلا دەبێـتەوە لە مــــاوەی (٧) حەوت ڕۆژدا لەبەردەم دادگـــــای تایبەتمەنــــد بە پێچەوانەی (ئامێر – کارگە – دەزگا.....) بە ناوی داواکـار تۆمـاردەکرێ بەپێــی یاســای دادنووســان ژمــارە (٣٣) ســاڵی ١٩٩٨، و بروانــامەی تۆمـارکردنی پــێ دەدرێ)، ئەم ئاگــاداریە لە لایەن دادنــووس واژوو دەکرێ. بە پێویستی دەزانین کە بڵاوکردنەوەی ئاگاداری لەنـاوەرۆکی ڕۆژنامە بێـت نابێـت لە پاشـکۆی ڕۆژنـامەکە بـڵاو بکـرێتەوە، چـونکە ئامانج لەبڵاوکردنەوەی ئەوەیە هەموو کەسێکی خوێنەر ئاگادار بێـت بە نــاوەرۆکەکەی بەپــێچەوانە وە ئەم ئامــانجە نــایەتە دی ئەگەر لە پاشکۆی ڕۆژنامە ئەنجامدرا.

بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەنجام نادرێ بـۆ ئەو ئـامێرانەی نرخەکەیـان کەمترەلەنرخـی بـڵاو کـردنەوە، و هەروەهـا بـۆ ئەو ئـامیرانەی نـوێن (جدید) واتە تازەکردراون لە شـوێنی تـایبەت و فەرمـی و مـاوەی (٦) شەش مانگ بەسەرکرینیان  تێپەر نەبووە .

**ج- التسجیل – تۆمارکردن**

دوای کۆتای هاتنی مـاوەی (١٥) پـازدە رۆژ بەسـەر بـڵاو کـردنەوە، کە هەژمار دەکرێت لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوە. نارەزایی یان تـانە لێـدان لە لایەن هـیچ کەسـێك و لایەنێـك ڕووی نەدا  تۆمـارکردنی ئـامێر لە تۆماری ئامێرەکان (سجل المکائن) ئەنجام دەدرێ.

دادنووس لە کاتی تۆمـار کـردن پشـت دەبەسـتێت بەڕوونکـردنەوە و زانیاریەکـانی (البیانــات و المعلومــات) نــاو فــۆرمی تۆمــارکردن و بەڵگەنامە و قەوالەکانی هاوپێچ کراو دوای وەرگرتنـی پـارەی میـرانە (اسـتیفاء الرسـم). هەروەهـا وەرگرتنـی دان پێـدانانی لایەنەکـانی پەیوەندیدار لەگەڵ واژووەکانیان لەخانەی تایبەت بە دان پێـدانان لە ناو فۆرمی تۆمارکردن و لە تۆماری ئامێرەکان.

*فەرمانگەی دادنووس نمونەی ژمـارە (٢) ی بـۆ (تۆمـاری ئامێرەکـان) ئامادەکردووە کە لە چەندین خانەی تایبەت پێك دێت :-

١- **خـانەی یەکەم**: تـایبەتە بە ئاکارەکـانی  تۆمـاری ئێسـتا (أوصـاف السجل الحالی) و تۆماری پێشوو کە لێـی گـوازراوەتەوە (السـجل السابق المنقول منە) و ئەو تۆمارەی بۆی دەگـوازرێتەوە (السـجل المنقـول الـیە) ئەمەش بەکـار دێـت لە حـاڵەتی گواسـتنەوەی خاوەندارێتی ئامێر  بە تۆمارێکی نوێ (سجل الجدید).

٢- **خانەی دووەم**: تایبەتە بە شوێنی ئامێرەکە وەکو (پارێزگا-قەزا-ناحیە –گەرەك) و، هەروەها ناوی سیانی خاوەنی ئامێر لەگەڵ نازناو و ئەندازەی پشکەکان و ناوی کارگە یان پیشەسازی یان کۆمپانیا.

٣- **خانەی سێیەم**: تایبەتە بە ئاکارەکانی مافی بارمتە (حقوق الرهن) ومافی نایاب لەگەڵ ناوی بارمتەدەر (الراهن) و بارمتە بۆ کراو (المرتهن) و ڕێکەوتی ئەنجام دانی ئەم بارمتەیە لەگەڵ ڕێکەوتی هەڵگرتنی لە کاتی کۆتایی هاتنی ئەم مافانە.

٤- **خانەی چوارەم** : تایبەتە بەئاکارەکانی ئامێر و جۆری سووتەمەنی یان هۆکارەکانی کار پێ کردنی (واسطه التشغیل) لەگەڵ هێزی ئەسپی ( القدره الحصانية) و جۆرو قەبارەی ئامێر و ئەو مەبەستەی بۆی بەکاردێت لەگەڵ نرخی کرین یان ئەو نرخەی بۆ خەمڵێندراوە وە هەر زانیاریەکی تر.

٥- **خانەی پێنجەم**: تایبەت کراوە بە وردەکاری پارەی میرانە (تفاصيل الرسوم) و واژۆی فەرمانبەرانی ژمێریاری و بریاری دادنووس بە تۆمارکردن و ژمارەی گشتی و واژۆی فەرمانبەری تایبەت بە تۆمارکردن لەگەڵ ڕاستاندنی (المصادقة) دادنووس و مۆری فەرمی فەرمانگە.

د- **أصدار شهادة التسجيل/ دەرچواندنی بروانامەی تۆمارکردن**

دوای تۆمار کردن ڕاستەوخۆ دادنووس دەست دەکات بە دەرچواندنی بروانامەی خاوەندارێەتی ئامێر پاشان وێنەی دەدات بە لایەنەکانی پەیوەندیدار و بە هەر کەسێکیش کە ماف یان مافێکی نایابی هەبێ لەسەر ئامێر

فەرمـــانگەی دادنـــووس نمـــونەیەکی تـــایبەتی ئامـــادەکردووە بـــۆ بروانامەی مولکایەتی (الشهادة الملكية)بە ژمارە (٣) دوای دلنیـابوون لە هاوشـــێوەبوونی (المطابقـــة) زانیاریەکـــانی ناوبروانـــامە لەگەڵ زانیاریەکانی ناوتۆمار.

**(بروانامەی تۆمارکردن)** لە چەندین خانە پێك دێت کە هاوشێوەیە لەگەڵ خانەکانی **تۆمار** (لحقول السجل) تەنیا خانەی پێنجەم نەبێ لە بروانـــامەی تۆمـــارکرن تـــایبەت کـــراوە بـــۆ وەرگرتنـــی پـــارەی بروانامە(رسوم الشهادە). و ئاماژە دان کە بڕوانامەی تۆمارکردن ڕێـك خـراوە پاڵپشـت بە تۆمـار و بەڵگەنامەکـان و قەواڵەکـان کە لە کـاتی تۆمارکردن پشتیان پێ بەستراوە.

بروانـامە لە لایەن دادنـووس و فەرمـانبەری تۆمـار واژوو دەکـرێ. ئەمەش لە مـــاددە (٣٨) لە یاســـای دادنووســـان و مـــاددە (٥) لە ڕێنماییەکانی تۆمارکردنی ئامێر ژمارە (٧) ساڵی١٩٩٩ ئاماژەی پێکراو.

**سێیەم: حالەتی گواستنەوەی ئامێر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر (حالة نقل موقع الماكنه من مكان الى مكان أخر):-**

وەکـو لە پێشـتر ڕوونمـان کـردەوە کە یاسـا دانـی نـاوە بە بنەمـای تایبەتمەنـدی شـوێن (مبـدء الأختصـاص المكـانى) سـەبارەت بە تۆمـارکردنی ئامێرەکـان و هەروەهـا ئەوڕەفتـارە یاسـاییانەی لەسـەر ئامێرەکان ئەنجام دەدرێ.

بەپێی بڕگەی (یەکەم) ماددەی (٣٠) لە یاسای دادنووسانی بەرکار کە پێشـتر باسـمان کـرد (تۆمـارکردنی ئـامێر لە لایەن دادنووسـی ئەو شوێنەی ئامێرەکانی تێداجێگیرکراوە ئەنجام دەدرێ).

هەر لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك شوێنی ئامێر لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر ئەگوازرێتەوە پێویستە ڕەزامەندی هەردوو فەرمانگەی دادنووس وەربگیرێ بۆ ئەوەی (دادنووسی شوێنی دووەم) بۆی هەبێ گرێبەستنی گواستنەوەی ئامێریان رووداني گواستنەوەکە تۆماربکات بە پشت بەستن بە بروانامەی تۆمارکردن کە لە لایەن (فەرمانگەی دادنووسی شوێنی یەکەم) دەرچووە. دواتر فەرمانگەی یەکەم ئاگاداربکرێتەوە تاکو ئاماژە بە تۆمارکردنی ئامێر لە تۆماری پێشوی بکات.

**نموونە:-** ئامێرێك شوێنەکەی لە قەزای شەقڵاوە بێت لێرەدا ئەو فەرمانگەی تایبەتە بە تۆمارکردنی ئامێر فەرمانگەی دادنووسی (شەقڵاوە) یە. ئەگەر ئامێرەکە لە قەزای (شەقڵاوە) گوازرایەوە بۆ قەزای (کۆیە) لەم حالەتەدا سەرەتا پێویستە ڕەزامەندی هەردوو فەرمانگەی دادنووسی شەقڵاوە و دادنووسی کۆیە وەربگیرێت لەگەڵ پێشکەشکردنی داواکاریەك لەلایەن خاوەنی پەیوەندیدار. بۆ ئەم جۆرە مامەڵەش دەبێت پشتگیری (بەرێوەبەرایەتی دەستەی گشتی باج) لەگەڵ (بەرێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی) هەبێ. لەکاتی تۆمارکردندا پشت دەبەسترێ بە بڕوانامەی تۆمارکردن کەلە فەرمانگەی دادنووسی (شەقڵاوە) دەرچووە. پاشان رێکاری تۆمارکردن لە فەرمانگەی دادنووسی کۆیە ئەنجام دەدرێ و بڕوانامەی تۆمارکردن دەدرێت بە خاوەنی پەیوەندیدار لە دواییدا فەرمانگەی دادنووسی شەقڵاوە ئاگاداردەکرێتەوە لە ئەنجامدانی ئاکارەکانی تۆمارکردن بۆ ئەوەی لە تۆماری پێشوو ئاماژەی پێبکرێت.

## چوارەم: نمونەی جێبەجێکراو لەسەر تۆمارکردنی ئامێرەکان (أمثله تطبيقيه على تسجيل المكائن)

### أ- تۆمارکردنی ئامێر بۆ یەکەم جار (تسجيل الماكنة لأول مرة):-

١- داواکاری تۆمارکردن پێشکەش دەکرێ لەسەر نمونەی ژمارە(١) دوای پڕکردنەوە و واژوکردن لە لای کەسی داواکار یان بریکارەکەی بە پێی یاسا. هەروەك چۆن لە بڕگەی (ب/یەکەم) لە خواستی دووەم (المطلب الثانی) ڕوونمان کردەوە.لەگەڵ فۆڕمەکە بڕوانامەی خاوەنداری یان نووسراو یان قەوالەی کڕین لە شوێنێکی ڕێپێدراو یان قەواڵەیەکی فەرمی کە سەلماندنی هەر ماف یان مافێکی نایاب دیاری دەکات هاوپێچ دەکرێت.

٢- وەرگرتنی ڕەزامەندی دەستەی گشتی باجی داهات (الهيئة العامة لضريبة الدخل) پاڵپشت بە حوکمی مادده (٢٨) لە یاسای باجی داهات.

٣- ئەنجامدانی پشکنینی شوێنی ئامێر لە لایەن دادنوس و فەرمانبەرێك و شارەزایەك یان زیاتر ئەگەر پێویست بوو. بۆ چەسپاندنی ئاکارەکانی ئامێر و خەملاندنی نرخەکەی.هەروەك چۆن لە بڕگەی (دووەم) لە خواستی دووەم (المطلب الثانی) ڕوونمان کردەوە.

٤- بەڵێنامە لە داواکاری تۆمارکردنی ئامێر وەربگیرێت کە ئەم ئامێرەی داوای تۆمارکردنی دەکرێت (مافی هیچ کەسی لەسەر نیە و هیچ قەرز و مافی نایابی لەسەر نیە، پێویستە ئەم بەڵێنامەیە لەلایەن دادنووس پەسەند بکرێ پێش دەرچواندنی بڕوانامەی تۆمارکردنی ئامێر).

٥- بڵاوکـــردنەوەی ئاگـــاداری لە ڕۆژنـــامەیەکی ڕۆژانە کە پـــوختەی ئاکارەکانی ئامێری تێدا بێت و داوا دەکرێت هەر کەسێك خـۆی بە پەیوەندیـدار دەزانـی بەسـەر ئـامێرەکە بـۆی هەیە نـاڕەزایی و بەڵگەی سەلماندنی خۆی پێشکەش بکات بە فەرمـانگەی دادنـوس لە مـــــاوەی (١٥) پـــــازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی دوای بڵاوکـــــردنەوە بە پێچەوانەوە فەرمانگەی دادنووس دەست دەکات بە تۆمارکردن و پێـدانی بڕوانـامەی خاوەنـدارێتی بە خـاوەنەکەی، ئەگەر هـاتوو تانەلێدان پێشکەش کـرا لە مـاوەی (١٥) پـازدە ڕۆژدا پێوسـتە لەسـەر دادنـووس ڕێکارەکـانی تۆمـارکردن بوەسـتێنێ و لایەنەکـانی نـاکۆك ڕەوانەی دادگە بکـات بـۆ ئەوەی ناکۆکیـان یەکلابکـرێتەوە یـان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە ڕێکدەکەون

**تێبینی**: بڵاوکردنەوەی ئاگاداری بۆ ئامێری نوێ ئەنجام نادرێ کە مـاوەی (٦) شەش مانگ بەسەر ڕێکەوتی کرینیان تێپەڕنەبووە و لە شـوێنێکی بازرگانی ناسراو و ڕێگەپێدراو کردراون یان لە شوێنێك کە بریکارێکی سەرەکیە لە کۆمپانیایەکی بەرهەم هێنان یاخود مەنەفێستی گومرگی هەیە کە بەوەی ئامێرەکان لەدەرەوە هاوردە کراو

**ب- تۆمـارکردنی ئـامێرێکی فرۆشـراو کە بەپێـی گـرێ بەسـتێك پەسـەند کـراوە لە لایەن دادنـووس (تسـجيل ماكنـة مباعـة بموجب عقد مصدق من الكاتب العدل):-**

١- خاوەنی پەیوەندیدار یان بریکارەکەی گـرێ بەسـتی کڕینـی ئـامێر کە لەلایەن دادنووس پەسەندکراوە پێشکەش دەکـات و دەیخـاتە بەردەم فەرمـانگەی دادنووسـی ئەو شـوێنەی ئـامێرەکە تێـدا کـار دەکـات. لەگەڵیـدا فـۆڕمی گرێبەسـتی فرۆشـتن و بڕوانـامەی

خاوەنـدارێتی ئـامێر هـاوپێچ دەکـرێ. چـونکە نابێـت مـامەڵەی گواستنەوەی خاوەندارێتی ئامێر قبول بکرێـت ئەگەر ئـامێرەکە بە ناوی فرۆشیار (البائع) تۆمار نەکرابێت.

٢- ناو و ناونیشانی خاوەنی پەیوەندیدار لەم جۆرە مامەڵەیە جێگیـر بکرێن و بناسرێن بە پێی ناسنامەی کەسیان.

٣- ئەنجام دانـی پشـکنین (اجـراء الکشـف) بـۆ ئامێرەکـان لە شـوێنی کارکردندا و رێکخستنی کۆنووسێك لەسەر ئەنجامی پشکنین.

٤- بڵاوکردنەوەی ئاگاداری لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەپێی نمونە ژمارە (٤).

٥- لە دوای تێپەڕبوونی ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ بە سەر بڵاوکـردنەوەی ئاگـاداری و نەبـوونی هـیچ تـانەیەك دادنـووس هەڵدەسـتێ بە تۆمارکردن و دەرچواندنی بڕوانامەی خاوەنداری.

**ج- حالەتی گواستنەوەی ئامێر (حالة نقل الماکنة):-**

١- پێشـکەش کردنـی فـۆرمی گواسـتنەوەی ئـامێر لەگەڵـی دا بڕوانامەی خاوەندارێتی هاوپێچ دەکرێـت و داوا دەکرێـت بە گواسـتنەوەی ئـامێر لە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر. ئەم داواکاریە پێشکەش بەو فەرمانگەیە دەکرێت کە ئامێرەکـانی بۆ گوازراوەتەوە.

٢- لەسەر فەرمانگەی دادنووس پێوستە ڕەزامەندی و پشتگیری فەرمـانگەی دادنووسـی ئەو نـاوچەیە وەربگیرێـت کە ئامێرەکانی تێدا تۆمار کراوە پێش ئەوەی بگوازرێتەوە.

٣- جێگیرکردنی ناو و ناونیشانی خاوەنی پەیوەندیدار بە پشـت بەستن بە ناسنامەی کەسی (نفوس،جنسیە،ناسنامەی پیشە،..).

٤- ئەنجامدانی پشکنین بۆ ئامێرەکان لە شوێنی کارکردن لە لایەن دادنووس و فەرمانبەرێك لە ناوچە نوێیەکە کە ئامێرەکانی بۆ گوازراوەتەوە و ئامادەکردنی کۆنووسێك بۆ ئەنجامی پشکنین.

**٥-** تۆمارکردنی ئامێرەکان و دەرچواندنی بڕوانامەیەکی خاوەنداری نویێ.ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەی دادنووسی ئەو شوێنەی ئامێرەکانی لێ گوازراوەتەوە بۆ ئەوەی لە تۆماری پێشوو ئاماژە بە گواستنەوەی بکرێ.

## چەند تێبینیەك پێویستە دادنووس لە کاتی تۆمارکردنی ئامێر پەیڕەوی بکات:-

١- بـۆ هەر ئامێرێـك (١) یەك پسـوولەی ژمێریـاری دەبردرێـت نابێـت هەمـوو ئامێرەکـان بەیەك پسـوولەی ژمێریـاری پـارەی میـرانە وەربگیرێت.

٢- تۆمـارکردنی ئـامێر بـۆ هەر سـاڵێك بە ڕەنووسـی یەك لە دوای یەك دەنووسرێ واتە ئەو ئامێرەی لەسـەرەتای سـاڵی نـوێ تۆماردەکرێـت ژمـارە (١) یەك وەردەگرێـت وە ئەو ئـامێرەی لە کۆتـایی سـاڵ تۆمـار دەکـرێ کۆتـا ژمـارەی ئەم سـاڵ وەردەگرێـت. بـۆ هەر سـاڵێك بەم شێوەیە دووبارە دەبێتەوە.

٣- ئەگەر پێویسـت بـوو پەنـا دەبردرێـت بـۆ شـارەزا پێویسـتە ڕاپـۆرتێکی تێروتەسـەل لە لایەن شـارەزا بنوسـرێت تەواوی ئاکارەکـانی ئامێرەکـان دیـار بکـات وە خەملانـدنێکی تەواو بکـات پێشکەش بە دادنووس بکات لەسەر بنەمای ئەم خەملاندنە پارەی میـرانە وەردەگیرێـت لە کۆتاییـدا دەبێـت دادنـووس کرێـی ماندووبوونی شارەزا لەسەر لاپەڕەی ڕاپۆرت هامش بکات وە بڕی پـارەکە دیـاری بکـات بە پێـی ڕێـژەی مانـدوبوونی شـارەزا بە شێوەیەك زێدەڕۆیی تێدانەکرێ.

٤- ئەگەر خـاوەنی کـارگە داواکـاری پێشکەشـی کـرد بـۆ تۆمـارکردنی ئامێرێك یان زیاتر بۆ ناو کارگەکەی لێرەدا هەمان ڕێکاری پێشـوو جێبەجـێ دەکرێـت سـەبارەت بە ئـامێری زیـادکراو وە لە تۆمـاری ساڵی نوێ تۆمـار دەکرێـت و ژمـارەی تـایبەتی خـۆی وەردەگرێـت پاشان هەردوو دۆسیەی کۆن و نوێ بەیەکەوە هەڵدەگیرێت.

٥- بەمەبەستی دانانی نیشانەی گلدانەوە لەسەر ئامێرەکان یان دانانی بارمتە (رهن) دەبێت نووسراو لە لایەن لایەنێکی فەرمی وەکو (دادگا-بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردن- یان بانکی پیشەسازی) ئاراستەی فەرمانگەی دادنووس بکرێ بۆ ئەنجامدانی رێکاری گلدانەوە. بۆ مەبەستی هەڵگرتنی نیشانەی گلدانەوە دەبێت نووسراوی فەرمی لە لایەن ئەو لایەنە بێت کە گلدانەوە بۆ بەرژەوەندی ئەوان ئەنجام دراوە.

٦- ئەگەر ئامێر شوێنەکەی گوازرایەوە بۆ شوێنێکی تر بەڵام خاوەنەکەی نەگۆردرا لەم حاڵەتەدا پێویست ناکات بڵاوکردنەوەی ئاگاداری لە رۆژنامە بۆ بکرێت ئەگەر هیچ ئامێرێکی زیادکراوی نەبوو بەڵام ئەگەر خاوەنەکەی گۆردرا وا باشترە بڵاوکردنەوەی ئاگاداری بۆ ئەنجام بدرێ.

٧- لەکاتی گواستنەوەی ئامێری بارمتەکراو بۆ شوێنێکی تر نابێت مامەڵەی گواستنەوە ئەنجام بدرێ ئەگەر رەزامەندی خاوەنی قەرز لەسەر نەبێت بە شێوەی نووسین.

٨- ئەنجام دانی گرێ بەستنی فرۆشتنی ئامێری تۆمارکراو لە لایەن دادنووس تەنیا لەو شوێنەی ئامێرەکانی تێدا تۆمارکراوە ئەنجام دەدرێ. نابێت لە هیچ فەرمانگەیەکی تری دادنووس ئەم گرێبەستە ئەنجام بدرێ و پاش پەسەندکردنی گرێبەستەکە دەبێت کریار لە هەمان کاتدا داواکاری تۆمارکردنی ئامێر پێشکەش بکات و رێکاری تۆمارکردن ئەنجام بدرێ .

٩- نابێــت بە هــیچ شــێوەیەك پلێتــی ئــامێر لــێ بکــرێتەوە ئەمە دیــاردەیەکی زۆر ناشــیرین و نایاســاییە ســاڵانی پێشــوو پەیــرەو کراوە دەبێت بە هیچ شێوەیەك دووبارە نەبێتەوە .

١٠- لەکاتی دەرچوونی دادنووس لەگەڵ فەرمانبەر و شارەزایەک بۆ مەبەســتی پشــکنینی ئــامێر لەشــوێنی کــارگە یــان پــرۆژەکە بــۆ تۆمارکردن پێویستە ئامێرەکان دانرابن و جێگیــر کــرابن و لەبــاری کارکردندا بێت واتا کارگەکە کار بکات .

١١- بـۆ (نمـونە) لەکـاتی فرۆشـتنی (٥٠ ٪)ی پشـکەکانی کۆمپانیـا یـان کــارگەی تۆمــارکراو لەلایەن فەرمــانگەی دادنــووس گرێبەســتی فرۆشتن لە نێوان خاوەنی کۆمپانیا یان کـارگە لەگەڵ کڕیـار رێـک دەخرێـت و تەواوی ئەو پشـکانەی تەنـازولی لـێ کـراوە بـۆ کڕیـار دیاری دەکرێت رێکاری تۆمارکردن جارێکی تر ئەنجام دەدرێـتەوە دوای وەرگرتنـــی رەزامەنـــدی لایەنە پەیوەندیـــدارەکان بەبـــێ ئەنجامدانی بڵاوکـردنەوەی ئاگـاداری لە رۆژنـامە ، بروانـامەیەکی نـوێ دەردەچوێنـدرێت لە نـاو فـۆرمەکە لە خـانەی تـایبەت نـاوی خاوەن کۆمپانیا و ناوی کڕیار و رێژەی پشکەکان دەنووسرێت .

## یاسای دادنووسان
## ژمارە(٣٣) ی ساڵی ١٩٩٨
## بەشی پێنجەم : تۆمارکردنی ئامێر

**مادده (٣٠):**

**یەکەم**: ئـــامێر لەلای دادنووســـی ئەو شـــوێنەی کە دانـــراوە لێـــی، تۆماردەکرێت.

**دووەم**: هـیچ ڕەفتـارێکی یاسـایی لەسـەر ئـامێر پەیـدا نابێـت، تەنیـا دوای تۆمارکردنی لەلای دادنووسی تایبەتمەند.

**مادده (٣١)**

مانای ئـامێر بـۆ مەبەسـتەکانی ئەم یاسـایە بـریتیە لە جیهازێـک یـان کـــۆمەڵە جیهـــازێکی میکـــانیکی کـــار دەکـــات بە وزەیەک یـــان یارمەتیـدەرێکی نادەسـتی، بەکاردێـت بـۆ مەبەسـتەکانی پیشەسـازی یان کشتوکاڵی یان بەرهەمهێنان.

**مادده (٣٢):**

حوکمەکـانی ئەم یاسـایە لەسـەر ئـامێری کۆگـاکراو و ئامـادەکراو بـۆ مەبەستەکانی بازرگانی جێبەجێ نابێت تەنیا ئەگەر فرۆشرا.

**مادده (٣٣):**

مــافی ئیمتیــازی تــایبەتی هــاتوو لەســەر ئــامێر بە ڕێککەوتنــی خـاوەنەکەی و قەرزدەر یـان بە حـوکمێکی دادوەریـی یـان بڕیـارێکی یاسایی تۆمار دەکرێـت، و پـایەی مـافی ئیمتیـاز دەکەوێـتە ڕێکەوتـی تۆمارکردن بە ڕەچاوکردنی یاسا پەیوەندارەکان.

**مادده (٣٤):**

بڕوانامەی خاوەنداریەتی ئامێرەکان بەڵگەیە لەسەر هەموو خەڵکی بەوەی لێی نوسراوەتەوە، ئەگەر تانەی لێنەدرێت بە ساختەکردن.

**مادده (٣٥):**

داواکاری تۆمارکردنی ئامێرەکان بەشێوەی فۆرمێک کە بە ڕێنمایی دیاریدەکرێت و بە واژۆی لایەنە پەیوەندارەکان یان ئەوانەی بە یاسا جێگرەوەیانن، لەگەڵ هاوپێچکردنی بڕوانامەی خاوەنداریەتی ئامێرەکە کە دەرچوویندراوە بەگوێرەی یاسا یان نوسراوێک یان سەنەدێک کە دەیسەلمێنێت ئامێرەکە کڕاوە لەلایەن لایەنێکی ڕێگەپێدراوە بە یاسا، پێشکەش دەکرێت، ئەمە بۆ ئەو ئامێرانەی کە پێشتر تۆمار نەکراون، لەگەڵ دانانی سەنەدە فەرمییەکان کە سەلمێنەری وەرگرتنی هەر مافێک یان ئیمتیازاتێکن لەسەر ئامێرەکە بۆ ئەوانەی ڕاسپێردراون.

**مادده (٣٦):**

دادنووس بە یاوەری فەرمانبەرێک و شارەزایەکی تایبەتمەند گەر پێویست بکات، هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی پشکنینی ئامێرەکە، بۆ نووسینەوەی وردەکارییەکانی تایبەت بە ئامێرەکە و تایبەتمەندیە جیاکەرەوەکانی و مافە شایستەکان لەسەری و پشتگیریکردنی کە دەکەوێتە تایبەتمەندی فەرمانگەکە بەپێی شوێن.

**مادده (٣٧):**

نرخـی کڕینـی هـاتوو لە مـامەڵەی تۆمـارکردنی ئـامێرەکە پشـتی پێدەبەسـترێت بـۆ مەبەسـتی وەرگرتنـی ڕەسـم، و لە کـاتی بـاس نەکردنـی نـرخەکە یـان بـوونی گومـان لە ڕاسـتیەکەی، ئەوا بەهـای ئامێرەکە لەلایەن شارەزایەکی تایبەتمەند یان زیاتر، بەپێی پێویستی دۆخەکە کە دادنووس دیاری دەکات، دەخەملێنرێت.

**مادده (٣٨):**

مامەڵەکە تۆمار دەکرێت لە تۆماری ئامێرەکان بە گوێرەی فۆڕمێک کە بە ڕێنمـایی دیـاری دەکرێـت، ئەویـش لە دوای تەواوکردنـی ڕێکـارە یاساییەکان و دانپێدانانی گرێبەسـتکاران لەبەردەم دادنـووس لەسـەر فۆرم و تۆماری تایبەت بە هەڵسوکەوتی ئارەزومەندانە.

**مادده (٣٩):**

بڕاونـامەیەک بە ڕێنمـایی دیاریـدەکرێت و وەزیـر دەریـدەکات و بە خـاوەنی ئـامێرەکە دەدرێـت کە خاوەنـداریەتی و مـاف و ئیمتیـازاتی لێکەوت لەسەری لەخۆوە دەگرێت.

**مادده (٤٠):**

لەکـاتی گواسـتنەوەی خاوەنـداریەتی ئـامێرەکە لەو شـوێنەی کە لێـی تۆمارکراوە بۆ شوێنێک کە لە نێو تایبەتمەندی فەرمانگەیەکی دیکەی دادنووس دایە، دەبێت خـاوەنەکەی ڕەزامەنـدی هەردوو فەرمـانگە و قەرزدەر-خـاوەن مـافی ئیمتیـاز- بـۆ گواسـتنەوەی تۆمـارەکەی وەرگرێت.

## ڕێنمایی ژماره (١)ی ساڵی ٢٠١٤
## ڕێنمایی تۆمارکردنی ئامێرەکان

پاڵپشت بە حوکمی ماددەکانی( ٣٥ و ٣٨ و٣٩ و٥٠ )لە یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای جێبەجێکردن و هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان – عێراق بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ماددە : (١)**

ئەم ئامێرانەی خوارەوە دەکەونە ژێر حوکمی ئەم ڕێنماییانە:ـ

أ- بەرهەمهێنەکانی ووزەی میکانیکی (مولدات الطاقة الميكانيكية).

ب- بەرهەمهێنەکانی ووزەی کارەبایی (مولدات الطاقه الكهربائية).

ج - ئەو دەزگایانەی بۆ گواستنەوە و گۆڕینی ووزەی میکانیکی و ووزەی کارەبایی بەکاردێن لەکاتی ئیش پێ خستنی ئامێری پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئامێری هەموو جۆرە مەبەستێکی تر بەکاردێن کە ئەم بڕگەیە بزوێنەر و بگۆڕو ئامێری کارەباییش دەگرێتەوە تەنها ئەوانە نەبێ بە دەقێکی تایبەتی جودا کراونەتەوە.

د- ئەو دەزگایانەی بەهۆی ووزەی میکانیکی یان ووزەی کارەبایی ئیش دەکەن وەکو ئەو ئامێرانەی لە پیشەسازی و کشتوکاڵ و مەبەستی تر بەکار دێن ئەمەش ئامێری کێڵان و چاندن و دروونەوە و ڕستن و چنین دەگرێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو ئامێرانەی لە کارگە میکانیکەکان بەکار دێن وەکو نەخشە داڕێژو کون لێکەر و مشار تەنیا ئەوانە نەبێ کە بە دەقێکی تایبەتی جودا کراونەتەوە.

**ماددە (٢)**

ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە دەبنە بنەما بۆ تۆمارکردنی ئامێرەکان یان بنەما بۆ ئەو ماف و مافە تایبەتیانەی لەو تۆمارکردنەوە پەیدا دەبن.

أ- ئەو گرێبەست وبەڵێندەرایەتی وقەواڵانەی کڕینی ئامێرەکە دەسەلمێنن لە کۆمپانیایەکی ناسراو یان لەو لایەنەی لێ ی کڕاوە.

ب- مۆڵەت پێدانی پرۆژە دامەزراندن یان مۆڵەت پێدانی کڕینی ئامێر بە لایەنێکی فەرمی یان هەر لایەنێکی تر کە بەفەرمی ڕێگەی پێ درابێ ئەم مۆڵەت پێدانە دەربکات.

ج- ئەو قەواڵانەی وەرگرتنی مافێك یان مافێکی تایبەتی دەسەلمێنن لەسەر ئامێرەکە ئەویش ئەگەر پەسەند کرابوون لە لایەن دادنووس یان هەر لایەنێکی تری تایبەتمەند یاخود ئەو کەسەی واژووی لەسەرکردبوو دانی بە ناوەرۆکەکەی دەنا.

د- ئەو گرێبەست و بەڵێندەرایەتی و قەواڵانەی گواستنەوەی ماف یان مافی تایبەتی لەسەر ئامێرەکە دەسەلمێنن کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ئەویش بە ڕێگایەك لە ڕێگایە یاساییەکانی وەکو کرین یان میرات لێگرتن یان بەخشین یان وەسیەتکردن یان دابینکردنی دڵنیایی لەبەرامبەر قەرز یان حەوالەکردنی قەرزلە لایەن ئەو کەسەی بەپێی یاسا بەدەستی هێنا بێ بۆ کەسێکی تری حەوالە بکات.

**مادده : (٣)**

پێویستە لەسەر داواکاری تۆمارکردن فۆرمی تۆمارکردنی ئامێر پێشکەش بکا بۆ دادنووس ئەویش بەپێی نموونەی ژمارە (١) کە ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە خۆ:-

أ- فۆرمی تۆمار کردن لە دوو لاپەڕە پێك دێت بە پێوانەی (٢٠×٣٠) سم .

ب- لە لاپەڕەی یەکەم شوێن و ئەو جێگایەی لێ دەنووسرێ کە ئامێرەکەی لێ جێگیرکراوە لەگەڵ ناوی کارگە یان کۆمپانیاکە لەگەڵ هەموو ئەو ماف و مافی تایبەتی و بەلگەنامانەی لە بنەرەتدا پشتیان پێ بەستراوە،ئەویش بەم شێوەی خوارەوە ڕێك دەخرێت :-

**یەکەم**: خانەیەك بۆ نرخی تۆمارکردن و کرێی نۆرین و خەملاندن.

**دووەم** : خانەیەك بۆ وەرگرتنی میرانە.

**سێیەم** : خانەیەك بۆ تۆماركردنی مامەڵەكە و ئەنجامدانی گواستنەوە لە تۆمارە كۆنەكە.

ج- لە لاپەڕەی دووەم جۆرو ئاكاری ئامێرەكە دەنووسرێ لەگەڵ نرخی كرین و هەموو ئەو خەملاندنانەی لەسەری ئەنجام دراوە بەم شێوەی خوارەوە:-

**یەكەم**: خانەیەك بۆ دەستەی گشتی باجەكان و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەكانی تر.

**دووەم**: خانەیەك بۆ ئەو رەفتارانەی لەسەر ئامێرەكە ئەنجام دراون لەگەڵ دان پێدانانی لایەنە پەیوەندیدارەكان لەبەردەمی داد نووسدا.

**سێیەم**: خانەیەك بۆ پەسەند كردنی دادنووس ئەویش لە دوای تەواو بوونی مامەڵەكە.

د- نابێ فۆرمی تۆماركردن لەناو ببردرێ ، بەڵكو لە دۆسیەی تایبەتی ئەو پرۆژەیە یان كارگە كە هەڵدەگیرێ كە تێدا تۆماركراوە ئەویش لە دوای ئاماژە دان بە تۆماركردنی كۆتایی تێدا.

**مادده : (٤)**

كاتێ دادنووس فۆرمی تۆماركردنی ئامێر یان ماف و مافە تایبەتیەكانی پەیدا بوو لە تۆمار كردنیان بەپێی نموونەی ژمارەی (١)ی دەچێتە پێش پێویستە لەسەری ئەم رێكارانەی خوارەوە ئەنجام بدات .

أ- ووردبینی كردنی هەموو زانیاریە نووسراوەكانی ناو فۆرمی تۆماركردن بۆ هاورێكبوونی ئاكارەكانی لەگەڵ بەڵگە نامە بەدیارخراوەكان.

ب- رەوانەكردنی داواكاری تۆماركردن بۆ ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن ئەویش بۆ وەرگرتنی رەزامەندی ئاسایی لە سەر تۆماركردن یان گواستنەوەی مولكداری یان چەسپاندنی ئەو ماف و مافە تایبەتیانەی دەكەوێتە سەر ئامێرەكە.

ج- ئەنجامدانی نۆرین لەسەر ئامێرەكە بۆ چەسپاندنی ئاكارەكانی و چەسپاندنی نرخەكەی .

د- بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەك بەپێـی نمـوونەی ژمـارە (٤) لە ڕۆژنـامەیەکی ناوەخۆی ڕۆژانە یان هۆکاری تری ئاگادار کردنەوە یاخود ئەگەر نەکـرا لە ڕۆژنامەکان بڵاوبێتەوە ئەوا ئەو بڵاوکردنەوەیە لە شوێنە گشتیەکان بێ ئەویش پوختەیەك لە داواکاری تۆمارکردن بگرێتەخۆ داوا لە هەموو ئەو کەسـانە بکـات کە مافیـان تێـدا زەرەرمەنـدە تـاکو بە ڕێگـای یاسـایی لە ماوەی  پازدە ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئاگـاداریەکە داوایەك بـداتە دادنـووس ، ئەو کەسەی نارەزایی لەسەر تۆمارکردن دەبێ بۆ سەلماندنی مافی خۆی ڕادەسپێردرێ سەردانی دادگای تایبەتمەند بکات بەو مەرجەی لە مـاوەی حەوت ڕۆژ دەبـێ بەڵـگەیەك لە دادگـا بهێنـێ بەوەی نـارەزایی داوە، بە پێچەوانەوە کاری تۆمارکردن کۆتایی پـێ دێ. بەڵام ئەگەر بەڵـگەی هێنـا لەسەر ئەوەی ناڕەزایی گرتووە ئەوا ڕێکارەکانی تۆمارکردن دوا دەخـرێ تاکو ئەوکاتەی حوکمەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێ.

هـ - ئەو ئامێرانەی نرخیان لە خەرجی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەکـان کەمتـرە یــان ئەو ئــامێرانەی نــوێن  و لە شــوێنی تــایبەتی و نووســینگە و ئەو کۆمپانیـانە کـڕاون بەم شـێوەیە مـامەڵە دەکەن یـان مـامەڵەی بازرگـانی کردن و فرۆشتنی ئامێریان هەیە یان بریکارداری فەرمییان لە لایەن ئەو کۆمپانیـانە هەیە ئەو ئـامێرانە ئامـادە دەکەن یـان ئەو ئـامێرە هەنـاردە دەکەن یـان لقـی ئەو کۆمپانیــانەن بە بازرگــانی ئـامێر ناسـراون ئەوانە هەمــوو لە بڵاوکــردنەوەی  ئاگــاداری تۆمــارکردن لادەدرێــن ، بــۆ ئەم مەبەسـتەش ئەو ئـامێرانە بە نـوێ دادەنـدرێ کە لە سـەد و هەشـتا ڕۆژ زیـاتر تێنەپەڕیبـێ بەسـەر بەرواری کرینـی هەروەهـا ئەو ئـامێرانەش لە بڵاوکردنەوە جـودا دەکـرێنەوە کە لە فەرمـانگە فەرمییەکـان و کۆمپانیـا گشتیەکان دەکڕدرێن

**مادده : (٥)**

أ- تۆمارکردنی ئامێر لە تۆماری ئامێرەکان دەبێت بەپێی نموونەی ژمارە (٢) بێ کە دادنووس لەکاتی تۆمارکردن پشت بەو زانیارانە دەبەستێ لە فۆرمی داواکاری تۆمارکردندان ئەویش لە دوای پێدانی میرانەی یاسایی و دان پێدانانی لایەنەکانی پەیوەندیدار و وەرگرتنی واژووەکانیان لە فۆرمی داواکاری تۆمار کردن و تۆماری ئامێرەکان .

ب- تۆماری ئامێرەکان بۆ هەر ساڵێك بەرەنووسی یەك لەدوای یەك رەنووسدار دەکرێت و رێکەوتی تۆمارکردن و رەنووسی لاپەرەی تێدا دەنووسرێ .

**مادده : (٦)**

أ- دادنووس بڕوا نامەیەك دەداتە لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئەو کەسەی ماف یان مافی تایبەتی لەسەر ئامێرەکە هەیە کە ئەو بروانامەیە موڵکداری ئامێرەکەو موڵکداری ماف و ئەو ڕەفتارانەی تێدایە کە ئەنجام دراون ئەویش بەپێی نموونەی ژمارە (٣) کە زانیاری بڕوانامەکە بەتەواوی رێکە لەگەڵ زانیاری ناو تۆماری ئامێرەکە.

ب - دانەیەك لە بڕوانامەی تۆمارکردن لە دۆسیەی تایبەتی هەڵدەگیرێت .

ج - ئەم رێنمایە جێبەجێ دەکرێت لەدوای بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**وەزیری داد**

| | |
|---|---|
| وەزارەتی داد<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد<br>فەرمانگەی دادنووسی / | **نمونەی (١) دادنووس**<br>جۆری مامەڵە ( تۆمارکردنی ئامێرەکان) |

داواکردنی فۆرمی تۆمارکردنی ئامێر

| | | |
|---|---|---|
| پارێزگای | | ژمارەی دۆسیە |
| قەزا – ناحیە | | ناوی کارگە یان کۆمپانیا |
| ناوی گەڕەك | | |
| کۆڵان – باڵاخانە | | ناوی خاوەندار و ماف و دەسەڵاتەکانی |
| ژمارەی پارچە | | |
| کەرتی | | |

| | | |
|---|---|---|
| ماف و ئیمتیازاتەکان | | ڕوون کردنەوە وبەڵگە نامەکان |
| خاوەن گڵدانەوە | | -١ |
| گڵدانەوە لەسەر دانراو | | -٢ |
| جۆری گڵدانەوە | | -٣ |
| ڕێژەی ئەوپشکانەی گڵدانەوەیان خراوەتە سەر | | -٤ |
| بەرواری دەست پێکردن | | -٥ |
| بەرواری تەواو بوون | | داواکاری تۆمارکردن<br>ناوی تەواو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بڕی پارەی وێنە ( هەزار دینار )<br>ژمارەی گشتی (     )<br>بەروار / / ٢٠٢ | | ژمێریاری | کۆی خەملێندراو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| واژۆی ئەمین صندوق | فلس | دینار | ژمارەی پسولە /<br>پارەی ڕەسم (     ) ژمارەی گشتی :<br>پارەی پول بەروار / / ٢٠١<br>واژۆ ومۆر و ناوی فەرمانبەری ژمێریاری<br>کۆی گشتی |

| | |
|---|---|
| بڕی پارەی پشکنین | |
| ژمارەی گشتی (.........)<br>بەروار / / ٢٠١<br>ئەمین صندوق | |
| مامەڵەکە بنێردرێتە پشکنین و خەمڵاندن پاشان ئاگاداری<br><br>دادنووس | مامەڵەکە تۆمار کرا بە ژمارە (     )<br>بەروار / / ٢٠١<br>مامەڵەکە گواستراوە تۆماری پێشوو لەبەرواری<br>/ / ٢٠١<br>فەرمانبەری تایبەتمەند / |

**نمونەی (١) دادنووس**

<table>
<tr><th>ژ</th><th>جۆری ئامێرەکە و ئاکارەکانی و سەرچاوەکە</th><th>نرخی کرین / دینار</th><th>نرخی خەملێندراو/دینار</th></tr>
<tr><td>١</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>٢</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>٣</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>٤</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>٥</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>٦</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>٧</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>٨</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>٩</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>١٠</td><td></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td colspan="4">نۆرین لەسەر ئامێرەکە/ئامێرەکان ئەنجام درا کە ووردەکاری و ئاکارەکانیان دیاری کراوە ، نرخەکەی خەملێندرا کە لە تەنیشتی نووسراوە دەکەوێتە بواری پسپۆری ئامێرەکان لە فەرمانگەکە .<br><br>فەرمانبەری تایبەتمەند    لێژان    داواکاری تۆمارکردن    رێکەوتی نۆرین    دادنووس</td></tr>
<tr><td colspan="4">پەسەندکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان</td></tr>
<tr><td colspan="4">ئەو ڕەفتارانەی لەسەر ئامێرەکان کراوە لەگەڵ دان پێدانان</td></tr>
<tr><td colspan="4">خاوەنداریێتی ئامێرەکە / ئامێرەکان تۆمار کرا لەسەرەوە جۆر و ئاکاریان دیاری کراوە ئەویش پاڵپشت بەو بروانامە و بەڵگەنامانەی دیاری کراوە بەپێی دەقی یاسا و رێنماییە دەرچووەکان<br><br>فەرمانبەری تایبەتمەند    دادنووس</td></tr>
</table>

| | |
|---|---|
| وەزارەتی داد<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد<br>فەرمانگەی دادنووسی / | **نموونە(٢) دادنووس**<br>**ژمارەی دۆسیە:** |

## تۆماری ئامێر

| تۆماری ئیستا | | | تۆماری لێ گواستراوەتەوە | | | تۆماری بۆ گواستراوە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێکەوت | بەرگ | ژمارە | ڕێکەوت | بەرگ | ژمارە | ڕێکەوت | بەرگ |
| | | | | | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | | ناوی خاوەن و ڕێژەی پشکەکان / ناوی کارگە یان کۆمپانیا | | | |
| قەزا و شارۆچکە | | | | | |
| شەقام/باڵاخانە | | | | | |
| گەرەك | | | | | |
| پارچە | | ماف و مافەتایبە تیەکان و گلدانەوەکان | | | |
| کەرت | | بارمتە دانەر | | بارمتە وەرگر | |
| | | جۆری بارمتە و ڕێژی | | ڕێکەوتی دەست پێ کردن و تەواو بوون | |
| | | گڵدانەوەی تر | | ریکەوتی هەلگرتنی گڵدانەوە | |

| | | |
|---|---|---|
| جۆری ئامێر و ئاکارو دروست بوونی | | هەڵسوکەوت ئەنجامدارو دان پێدان |
| جۆری ئامێرو ئاکاری دروست بوونی | | |
| جۆری سوتەمەنی کە ئیشی پێ دەکرێت هێزی ئەسپی | | |
| قەبارە و مۆدیل | | |
| مەبەستی بەکارهێنانی | | |
| هەر زانیاریەکی تر یارمەتی جیاکردنەوە دەدات | | |
| پارەی کرین | | |
| نرخی خەملێنراو | | |

| ڕەسمی تۆمارەکان | | |
|---|---|---|
| فلس | دینار | جۆری ڕەسم |
| | | ڕەسمی دادنوسی<br>ڕەسمی پول<br>کۆی گشتی/ |

ڕەسمەکە وەرگیرا بەپسولەی
ژمارە /
ڕێکەوت /
واژووی فەرمانبەری تایبەتمەند

تۆمارکردن :-
لەسەر ئەو ڕێکارانەی هاتووە لە فۆرمی تۆمارکردن ژمارە (   )
ئەم ئامێرە تۆمار کرا
پاڵپشت بەو بەڵگەنامە و بروانامانەی بەپێی یاسا دەرچوو
لەڕێکەوتی   /   /
فەرمانبەری تۆمار

داد نووس
مۆری فەرمی

| وەزارەتی داد<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد<br>فەرمانگەی دادنووسی / | **نموونە(٣) دادنووس**<br>**ژمارەی دۆسیە:** |
|---|---|

## بڕوانامەی تۆماركردنی ئامێر

| تۆماری ئیستا | | | تۆماری لێ گواستراوەتەوە | | | تۆماری بۆ گواستراوە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێکەوت | بەرگ | ژمارە | ڕێکەوت | بەرگ | ژمارە | ڕێکەوت | بەرگ |
| | | | | | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | | ناوی خاوەن و ڕێژەی پشکەکان / ناوی کارگە یان کۆمپانیا | | | |
| قەزا و شارۆچکە | | | | | |
| شەقام/باڵاخانە | | | | | |
| گەرەك | | | | | |
| پارچە | | ماف و مافەتایبە تیەکان و گلدانەوەکان | | | |
| کەرت | | بارمتە دانەر | | بارمتە وەرگر | |
| | | جۆری بارمتە و بڕەکەی | | ڕێکەوتی دەست پێ کردن و تەواو بوون | |
| جۆری و وەسفەکانی ئامێر | | گڵدانەوەی تر | | ریکەوتی هەڵگرتنی گڵدانەوە | |

| | | |
|---|---|---|
| جۆری ئامێرو وەسفەکانی و بنچینەکەی | | هەڵسوکەوت ئەنجامدارو دان پێدان |
| جۆری سوتەمەنی /هۆکاری ئیشپێکردنی و توانای بەئەسپ | | |
| قەبارە و جۆر و مۆدیل و ژمارە | | |
| ئەو مەبەستەی کە ئامێرەکە بۆی بەکاردەهێنرێت | | |
| هەر زانیاریەك کە یارمەتی جیاکردنەوە مەکینەکە بدات | | |
| جێگرەوەی کڕین | | |
| بەهای خەملێندراو لە ڕێکەوتی تۆمارکردندا | | |

| ڕەسوماتی بڕوانامە | | | ئەم بڕوانامەیە ڕێکخرا پاش تەواوکردنی ڕێو ڕەسمەکانی تۆمارکرد لە تۆماری تایبەتدا بەپێی بەڵگەنامەکان بە گوێرەی یاسای دەرچوو پەسندکراو بەپێی داواکاریەکە لە<br>/ /٢٠٢ |
|---|---|---|---|
| فلس | دینار | جۆری رسومات/ تۆمارکردنی ئامێرەکان | |
| | | ڕەسمی دادنوسی<br>ڕەسمی پول | |
| ڕەسوماتەکە وەرگیرا بەپسولەی<br>ژمارە / ڕێکەوت /<br>کۆی گشتی/<br>واژووی فەرمانبەری ژمێریاری | | | فەرمانبەری تۆمار<br><br>داد نووس |

| | |
|---|---|
| وەزارەتی داد<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد<br>فەرمانگەی دادنووسی / | **نموونە(٢) دادنووس**<br>**ژمارەی دۆسیە:** |

**تۆماری ئامێر**

| تۆماری ئیستا | | | تۆماری لێ گواستراوەتەوە | | | تۆماری بۆ گواستراوە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێکەوت | بەرگ | ژمارە | ڕێکەوت | بەرگ | ژمارە | ڕێکەوت | بەرگ |
| | | | | | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | | ناوی خاوەن و ڕێژەی پشکەکان / ناوی کارگە یان کۆمپانیا | | | |
| قەزا و شارۆچکە | | | | | |
| شەقام/باڵاخانە | | | | | |
| گەرەك | | | | | |
| پارچە | | ماف و مافەتایبە تیەکان و گلدانەوەکان | | | |
| کەرت | | بارمتە دانەر | | بارمتە وەرگر | |
| | | جۆری بارمتە و ڕێژی | | ڕێکەوتی دەست پێ کردن و تەواو بوون | |
| | | گڵدانەوەی تر | | ریکەوتی هەلگرتنی گڵدانەوە | |

| | |
|---|---|
| جۆری ئامێر و ئاکارو دروست بوونی | | هەڵسوکەوت ئەنجامدارو دان پێدان |
| جۆری ئامێرو ئاکاری دروست بوونی | | |
| جۆری سوتەمەنی کە ئیشی پێ دەکرێت هێزی ئەسپی | | |
| قەبارە و مۆدیل | | |
| مەبەستی بەکارهێنانی | | |
| هەر زانیاریەکی تر یارمەتی جیاکردنەوە دەدات | | |
| پارەی کرین | | |
| نرخی خەملێنراو | | |

| رەسمی تۆمارەکان | | | تۆمارکردن :- |
|---|---|---|---|
| فلس | دینار | جۆری رەسم | لەسەر ئەو ڕێکارانەی هاتووە لە فۆرمی تۆمارکردن ژمارە ( )<br>ئەم ئامێرە تۆمار کرا<br>پاڵپشت بەو بەڵگەنامە و بروانامانەی بەپێی یاسا دەرچوو<br>لەڕێکەوتی / /<br>فەرمانبەری تۆمار |
| | | رەسمی دادنوسی<br>رەسمی پول<br>کۆی گشتی/ | |
| رەسمەکە وەرگیرا بەپسولەی<br>ژمارە /<br>ڕێکەوت /<br>واژووی فەرمانبەری تایبەتمەند | | | داد نووس<br>مۆری فەرمی |

| وەزارەتی داد<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد<br>فەرمانگەی دادنووسی / | **نموونە(٤) دادنووس**<br>**ژمارەی دۆسیە:** |
|---|---|
| **ئاگاداری تۆمارکردن** | |

بەپێــــی ئەو داواکـــاریەی پێشـــکەش بەو فەرمـــانگەیە کـــراوە لەلایەن (               ) لە ڕێکەوتــی // ٢٠ کە تێــدا داوای تۆمـارکردنی (               ) کە خاوەنــداریەتی بــۆ ئەو دەگەڕێــتەوە و ئــامێرەکە ئیســتا لە (               ) داندراوە و لە خوارەوە ئاکارەکـانی نووسـراوە هەر کەسێك پەیوەندیـدار بـێ بەم ئـامێرە پێویسـتە ڕێگـایە یاسـاییەکان بگـرێتەبەر بـۆ سـەلماندنی و بەڵـگە بـۆ ئەم فەرمـانگەیە بەرزبکـاتەوە ئەویـش بـۆ ڕاگرتنـی تۆمـارکردن لە مـاوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئەو کـاتە تۆمـارکردنەکە لە دواخسـتوو دادەنـدرێ تـا ئەو کاتەی داوایەکە نارەزایی دەیگرێتەوە .

لەلایەن دادگای تایبەتمەند لە ماوەی (٧) ڕۆژ یەکلایی دەکرێتەوە بە پـێچەوانەوە ئـامێرەکە و ئامرازەکـان ، ئـامێرەکە بە نـاوی داواکـاری تۆمـارکردن تۆمـار دەکـرێن بەپێی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای جێبەجێ کردن و پیادەکردنی یاسـای دادنووسان ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنی پێ دەدرێ .

**دادنووس**

**ئاکارەکان**